هونەرمەند عەدنان کەریم  پاداشتی دامەزراوەی نێونەتەوەیی ئاوازدانەرانی سویدی پێبەخشرا




لە ڕۆژی دووشەممەی 18 ئۆکتۆبەری 2010  لە شاری ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید هونەرمەند عەدنان کە
ریم پاداشتی دامەزراوەی نێونەتەوەیی ئاوازدانەرانی سویدی بۆ ساڵی 2010 پێبەخشرا. ئەم پاداشتە بە بڕی
50 هەزار کرۆنی سویدی بوو، وەک ڕیزلێنانێک لەو هونەرمەندانەی کە ساڵی رابووردو چەندین ئاوازی
نوێیان خوڵقاندوە. زۆرینەی ئەو هونەرمەندانە سویدی بوون، ئەوەی جێی خۆشحاڵیە هەر لەو مەراسیمەدا
هونەرمەندێکی دیکەی کورد بە ناوی هەردی کوردە هەمان پاداشی وەرگرت. شایەنی باسە کە عەدنان لە ماوە
ی ئەمسالدا چوار کۆنسێرتی لە وڵاتی سوید و دووکۆنسەرتی لە کوردستان لە تەک گروپی کامکاران پێشکەش
بە هەوادارانی خۆی کردووە. هیوادارین کە هونەرمەندانی کورد لە هەرکوێی دنیادان برەو بە هۆنەری
کوردی بدەن و میللەتی کورد بە فەرهەنگە جوانەکەیەوە بە دنیا بناسێنن .

زانا قادر/ ستۆکهۆڵم